کاربەدەستیی کاروباری ژووروو لە چاپکردنی ئەم نوسراوەدا یارمەتیی داوە

یەزیدی یەکان و ئایینی یەزیدی

یەزیدی یەکان خوا پەرستن ، دێو پەرست نین .
چونکە بنچینەی ئایینەکەیان زەردەشتی یە .

نوسینی :
شاکر فتاح

لە پەیژە نوسراوانی ئایینی ژمارە : ٢
١٩٦٩

44072

Preview sample - page 1 of 6 - Soran University Academic Digital Library



زانكۆی سۆران
فاكەلتەی ئەدەبیات
گشتیخانەی فاكەلتەی ئەدەبیات
پسەكدن :
زمارەی تۆماری گشتیەت :
بەرواری تۆمار كردنی گشتیەت :

ڕەنگە هەموو كوردێك ئەوە بزانێ كە (یەزیدی) و (ئایینی یەزیدی) هەن .. بەڵام كەمیان شارەزای مێژووی پەیدابوونی ئەو دوو ناوە و ناوەڕۆكی ئایینەكەن . ئەم لێكۆڵینەوەیە هەوڵێكە بۆ ڕوونكردنەوەی ئەو دوو ناوە و ئەو دوو ئایینە و ئەو جیاوازیانەی كە لە نێوانیاندا هەیە .

ئەگەر بە وردی سەرنجی ئەو ناوانە بدەین كە بە یەزیدی و ئایینی یەزیدی هەیە ، بۆمان دەردەكەوێت كە ئەو ناوانە لە سێ ناو پێكهاتوون ، كە ئەوانیش (یەزدان ، یەزدی ، یەزیدی) ن . لە ڕاستی دا لە بابەت بڕا یەزیدی یە كانمانەوە ، بە زمانی كوردی ، لە هەندێ ووتار بەو لاوە داخەكەم . هیچی تر نەنوسراوەتەوە ، كەچی بە زمانانی بێگانان بە سەدان نوسراوان هەن . لە بەر ئەوە بە پێویستم زانی كە نوسراوێك لە سەر مێژووی یەزیدی یەكان و ئایینی یەزیدی دابنێم و ، پێشكەشی خوێندەوارانی كوردی بكەم هەرچەندە لەوە دڵنیایم كە نوسراوەكەم لە هەڵەو كەمو كوڕی یەوە دوور نی بەڵام هیوادارم بەحوا كە كەڵێنێك لە نوسراوخانەی كوردی دا بۆ بكاتەوە و خوێندەوارانیش لە مێژووی ژیان و چاوانی ئایین و كردەوەو ڕەوشتیان و هیواو ئاواتیان و خەباتیان ئاگادار بكات . هەروەها نووسەرانی كوردیش بخاتە سەر ئەوەی كەم و كوڕیی یەكانی نوسراوەكەی من تەواوبكەن .

— بڕا یەزیدی یەكانمان بە پاشماوەی كوردە زەردەشتی یەكان دا ئەنرێن . نزیكەی نۆسەد ساڵێك لەمەوپێش لە سەر دەستی (شێخ عدی) دابون بە ئیسلام . بەڵام پاش مردنی شیخ عدی بە سەد ساڵێك لە ئیسلامەتی یەوە وەرگەڕانەوە سەر ئایینە كەی خۆیان . بەڵام لەو ماوەیەدا چەند بە شێكی ئەو ئایینەیان لێ ووون بوبو . لە چەند ئایینێكو چەند ڕاستی پەرستی یەكەوە گەلێك بیرو باوەڕو ئاینكاری بێگانە كە پێچەوانەی ئایینی زەردەشتین هاتنە تەنشت ئایینەكەیانەوە . لەم كۆمەڵە بەشە ئایین و ڕاستی پەرستی یانەیش (ئایینی یەزیدی) پەیدابو . لە ڕاستی دا لە ئایینی یەزیدی دا ، بەشێكی گەورەو گرنگی

Preview sample - page 2 of 6 - Soran University Academic Digital Library

ئایینی زەردەشتی ماوەتەوە وەك باوەڕ کردن بە خوایەکی پاك و تاك و تەنیاو ، حەوت فریشتەکان و پێغەمبەران و ، مردن و زیندوو بونەوەو ، چەند و چوون کردنی خوا لە گەڵ مرۆڤداو ، پاداش و سزای خوایی و بەهەشت و دۆزەخ هەروەها ئەوەیشی تیا ماوەتەوە کە ڕێز لە گەورەی خۆیان بگرن و بەزەبیان بە هەژارو داماوو لێ قەوماودا بێتەوە . ڕێز لە ئاوو ئاگرو باو چراو گڵ بگرن ئازاری هیچ کەسێك و هیچ گیان لە بەرێکیش نەدەن ، دۆستایەتی پارێزن و گفت و بەڵێنیش ڕابگرن . هەر وەها بەك بن و کۆك بن و هۆگری یەکتریش بن ... بەڵێ ئەمانەو گەلێکی تریش لە ئایینی زەردەشتی لە ئایینی یەزیدی دا ئەبینرێ . یەلام شوێنەواری ئایینەکانی (سوروشت پەرستی) و (بوراهمایی) و (مانی) و (بت پەرستی) و (ئیسلام) ی تیا پەیدا بوە ، کە زوربەی بیروباوەڕو کردەوە ئایینی یەکانیان لە گەڵ ئایینی زەردەشتی دا ڕێك ناکەون و زیانیشیان گەیاندووە بە کۆمەلایەتی و ژیانی تیرەی یەزیدی . جا برا یەزیدی یە ڕۆشن بیرەکانمان کە ئەڵێن بنچینەی ئایینەکەمان زەردەشتی یە . بێگومان ڕۆژێك دێ ئەکەونە سەر ئەو خەباتەی کە ئایینی یەزیدی بە تەواوەتی پاك بکەنەوە لەو بیرو باوەڕە بێگانەو ناسازانەی کە زیانێکی یە جگار گەورەیان گەیاند ووە بە ناوبانگی یەزیدیەکان و ئایینی یەزیدی و بە ژیانی کۆمەلایەتی و ئابووری و خوێندەواری برا یەزیدیەکانمان . هەرکاتێکیش ئەوەیان کرد و بۆیان چووە سەر ئایینە پاکە ڕوونە بێگەردەکەی زەردەشتی یان لە شێوەیەکی شەنگوشۆخو تەواودا بۆ دێتەوە بەرهەم . کە ئەگەر بێ ڕەوی بکەن بێگومان لە هەموو دەرد و ئازارێك ڕزگاریان ئەکات و ڕۆژ بە ڕۆژیش بەوەو ئازادی و کامەرانی و پێشکەوتنیان ئەبات . ئەمەیش سەبارەت بەوەیە کە ئایینی زەردەشتی ، وەك لە نوسراوی (زەردەشت) دا پیشانم داوە ، ئایینێکی خوایی یەو ، بە سەرچاوەی هەموو ئایینە ئاسمانی یەکانی پاش خۆی داناوە هەروەها شوێنەواری ئەو لە گەڵێك ڕاستی پەرستی و وێژەکانی جیهانی پشدا دیارە ، بێجگە لە ئایینە

Preview sample - page 3 of 6 - Soran University Academic Digital Library

ئیمرۆ ژمارە سەری برا یەزیدی یەکانمان خۆی ئەدات لە سـەد هەزار کەسێك . بریتین لە چەند هۆزێکی جۆن جۆن ، کە ئایینی یەزیدی لە ژێرسێبەری خۆی دا کۆی کردونەتەوە . بە هەموو لایەکی کوردستانی گەورەیشدا بـڵاو بونەتەوە . یەزیدی یەکان لە هەموو کوردێك پتر خوێنی خۆیان و ، ئایینی باوو باپیری خۆیان پاراستوە . لە سەر ئەم ئاینەیش کە ئێستا هەیانە ، حەوت سـەد ساڵی خشت لە ناو دوژمنایەتی و تەنگانەو شەڕو شـۆڕو کارەسـاتی سامنـاك و خوێنین دا ژیاون ، بە هۆی زۆرداری‌ی گەورەکانی خۆیان‌و ستەمکاری‌ی دراوسێ کانیانەوە . تەنیا لەم چەرخی بیستەمەدا پشوویەکیان داوە .

بەڵام یەزیدی یەکان سەردەمێکی وایان بە خۆیانەوە دیوە کە ژمارە سەریان گەیشتۆتە ملیونە کەسێك کە خاوەنی چەند سـەردار نوشینی‌یەکی بە هێز و هەڕەت بون ، لە چەند جێ یەکی کوردستاندا . ئەوەی لێ یشیان کـوژراوە لە ماوەی ئەم حەوت سەد ساڵەدا بە دوو ملیون کەس دانەنرێ . ئەمە بێجگە لە تالان و بڕوو سەرگەردانی و ماڵ وێرانی و ڕیسواییش کە بە سـەریانا هاتوە ، کە لە ژمارە نایەن و لە هەموو ڕوویەکیشەوە پاشی خستوون .

ئەمە لە بابەت دیوی دەرەوەی ژیانیانەوە .

بەڵام لەبابەت دیوی ناوەوەی ژیانیشیانەوە ، بە هۆی نەخوێندەواریی‌و دەسکاری‌ی ئایینەکەیانەوە لە لایەن هەندێ پیـاوانی ئایینی‌ی خراپی خۆیانەوەو ، داونانەوە و تەڵەکە بازی‌ی بێگانانەوە بە مەبەسی داگـیرکردنی خاکەکەیان و پچـڕینی بەرو بـوومیان ، باری کـۆمەڵایەتی یان تەواو تێکچوەو ، بارستاییشی تەواو نزم بۆتەوە ، بە واتایەکی ڕۆشنتـر بەشـی هەرەگەورەی تیـرە کە چەوساوەتەوەو ڕووت کراوەتەوە بۆ کەڵکی ناپوختەی بەشی هەرە بچوکی تیرەکەو بۆ کەڵکی ناپوختەی فەرماندارە بێگانەکان . بە کورتی هەر چـوار دەردەکە کە یریق یە لە زۆرداریی و هەژاریی و نەخوێندەواریی ،

Preview sample - page 4 of 6 - Soran University Academic Digital Library

به تەواوەتی لە ناو ئەم کۆڵانەدا ڕەگ و ڕیشەیان داکوتاوەو لە کەڵکی خستون ، سەرەڕای ئەمەیش بێگانەی دڵ ڕەشو کردەوە نەنگ ، هەرچی ناوو ناتۆرەو قسەی ناشیرین پڕو پووچ هەیە ئەوەی دوا خستون . داخەکەم هەندێ کوردەواری خۆیشمان بە سەرکردەیی هەندێ لە دەسەلاتدارانی جیهانی و ئایینی یەوە ، لەو بێگانانە خراپتریان پێگوتون و ، خراپتریشیان لێ کردوون !.

جا ئەم نوسراوەی منیش هەر بە تەنیا میژوو نیەو ئاگادارکردن لە چارە ڕەشی و ئازارو هاواری چەند سەد ساڵەی ئەم برا کوردانەمان . هەروەها وێژەیشەو ئاڕاستە کردن . بۆ ئەمەی دەماری مەردایەتیی هەموو کوردێکی سەربەرزو دەروون ئازادیش ببزوێنم بۆ ئەوەی دەستی یارمەتی بۆ ئەم برا کۆڵانەمان ، یەزیدی یەکان ، درێژ بکەن و چی یشیان لە دەست بێ لە پێناو گوێزانەوەیاندا بۆ ژیانێکی باشترو پاکترو ڕۆشنتر درێغی نەکەن .

برا یەزیدی یەکانمان ، گوناهیان هەرئەوەندە بوە کە ویستویانە ئازادیی بیرو باوەڕی خۆیان بپارێزن و هەست بە مرۆڤایەتیی خۆیان بکەنو ، ناوچەوان بەرزانە بژین . ئەمە ڕاستە کە خۆیشیان هەندێك هەڵەو تاوان و گوناهیان هەیە دەربارەی خۆیشیان و دەربارەی دراوسێکانیشیان . بەڵام ئازایەتی و مەردایەتیان ، ئارام و بەرگە گرتنیان بەرامبەر دوژمنانی دڵ ڕەق و درندەو بە هێز ، ووردە بەرنەدان و کۆڵ نەدانیان بەرامبەرکارەساتی سامناك ، یەکێتی و کۆکیان لە ناو خۆیاندا . دڵسۆزی و خۆبەختکردنیان لە پێناو ئایین و ئامانجیاندا ، لەمێژووی کوردەواری دا بە سەرکەفی زێڕ نوسراونەتەوە .

نزیکەی ساڵ و نیوێك لە ناویاندا ژیام ، لە چاکی و پاکی و مەردایەتی بەو لاوە هیچی ترم لێ نەدین . دیسانەوە ئەیڵێمەوە : بنچینەی ئایینەکەیان (زەردەشتی) یە . خوای پاك و تاك و تەنیا ئەناسن ، نەك دێو (شیطان) حەز بە چاکە کاریی ئەکەن ،نەك خراپەکاریی ، هەرچی کردەوە و ڕەوشتی

Preview sample - page 5 of 6 - Soran University Academic Digital Library

گەورەو بڵند لە ئێمەدا هەیە لە وانیشدا هەیە . هەموو دەم ئامادەن بۆ دۆستایەتی . هەموو دەم ئامادەن بۆ برایەتی و چاکە خوازیی . هەموو دەم تینووی پێشکەوتنن بەڵام داخەکەم ، وەك لە مەو پێش پێشانم دا ، ئایینیەکەیان دەستکاریی کراوە هەر هۆی ئەوەیشە کە باری کومەڵایەتی یان وا نزم بۆتەوە ! . ئێمە چەند بتوانین ئەو برا نازدارانەمان پێش بخەین ، ئەوەندە خۆمان پێش ئەخەین . جا ئەگەر ئەم نوسراوەم بەبێتە هۆی ئەوەی ڕۆشن بیرانی کورد و برا یەزیدی یە تێگەیشتووەکانمان دەست بدەنە دەست یەك و دەست بکەن بە ڕاستکردنەوەی باری کۆمەڵایەتی و ئابووریی و خوێندەواریی و ئایینی ئەم بەشە گرنگ و بە نرخەی کوردەواری یە ، خۆم بە بەختیار ئەزانم .

١٩٦٩/١٠/٨ شاکر فتاح

Preview sample - page 6 of 6 - Soran University Academic Digital Library